عێراق و هۆڵەندا جێختیان لە گرنگی پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی ئەوانیان کردەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە ،هەردوو وەزیرانی عێراق و هۆڵەندا جێختیان لەگرنگی پتەوکردنی پێوەندیە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات کردەوە،لای خێیەو فواد حسێن بانگهێشتی هاوتا هۆڵەندییەکەی کرد بۆ سەردانیکردنی عێراق.

وەزارەتی دەرەوە لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : "فوئاد حسێن، جێگری سەرکۆزیران و وەزیری دەرەوە لەگەڵ کاسپەر ڤێلدکامپ، وەزیری دەرەوەی شانشینی هۆڵەندا لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا لە لاهای کۆبوونەوە".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا وەزیری هۆڵەندا بەخێرهاتنی جێگری سەرکۆزیران و وەزیری دەرەوە و شاندی یاوەری کرد، جێختی لەسەر گرنگی پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان بەغدا و لاهای کردەوە".

لەلە راگەیەندراوەکەی ئەوەیش هاتووە کە: هەردوولا دوایین پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

ئاەنگاریيە ئەمنییەکانی بەردەم ناوچەکەیان تاوتوێ کرد و فوئاد حسێن دیدگای عێراقی سەبارەت بە دەخی ناوچەکە و پێیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ خستەڕوو. ئاماژەی بەوەشکرد، "لە کبوونەوەکەدا هەردوو وەزیر پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و پێویستی بەردەوامبوون لە پێیوەندی و هەماهەنگی هاوبەشیان لە ڕووگەی خولەکانی ڕاوێژکاری سیاسی و زیادکردنی سەردانە دووقۆڵییەکان تاوتوێکرد".

ڕ

ڕبەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوە "بانگهێشتکی ئاراستەی هاوتا هەندییەکەی کرد بە ئەوەی سەردانی عێراق بکات، ئەو دووەمیان پێشوازی لە بانگهێشتکە کرد، هیوای خەی دەربەی کە ئەم سەردانە بەم نزیکانە ئەنجام بدرێت".

ڕ

ڕلەسەر ئاستی پێیوەندییە عەرەبییەکان، وەزیر ئاماژەی بە "لوتکەی داهاتووی عەرەبی کرد کە بەیارە لە بەغدا بەڕێوەبچێت"، جەختیکردەوە "پێویستی عێراق بە دەستبەرکردنی سەرکەوتنی کارەکانی لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی ئێستای ناوچەکە".

ڕ

ڕبەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، هەردوو وەزیر جەختیان لە "گرنگی بەردەوامی پێیوەندی و هەماهەنگی هاوبەش کردووەتەوە، بەتایبەتی لە قەناغی داهاتوودا".